## کردنەوەی پیشانگای نێودەوڵەتی لەکوردستاندابایەخی خۆی هەیەلەسەر ئاستی جیهان ... جەمال فەتاح

ئەمرۆ 2005/9/15 لەپایتەختی هەرێمی کوردستان پیشانگایەکی نێودەوڵەتی بۆبازرگانی گشتی کرایەوە، دیارە کردنەوەی وەهاپیشانگایەک لەهەرێمی کوردستاندا گرنگی وبایەخی تایبەتی خۆی هەیە لەڕووەکانی ئابوری وئیداری وهەرێمی باوەڕبەخشین بەهەرێمی کوردستان لەلایەن نێودەوڵەتیەوە، . بەمشێوەیە، إ-لەسالی 1980بەدواوە لەسەر ئاستی ئێراق پیشانگایەکی لەوجۆرەو بەوقەوارەیە نەبەستراوە لەبەرباری ئەمنی ئێراق ولەبەر باوەڕلەدەستدانی ڕژێمی بەعس لەلایەن نێودەوڵەتیەوە، . ب-کردنەوەی ئەوپیشانگایە لەپایتەختی هەرێمی کوردستان لەخۆیدا باوەڕ بەخشینی نێودەوڵەتیەوە بەکوردو بەهەرێمی کوردستان، . ج-کردنەوەی ئەوپیشانگایە لەهەرێمی کوردستاندا نیشانەی ئەوەیە کەهەرێمی کوردستان لەڕووی ئاسایشەوە زۆرپارێزراوەو چی هاووڵاتیانی کوردستان وچی بازرگانانی نێودەوڵەتی لەسەروماڵی خۆیان دڵنیان لەکوردستاندا، . د-بوژانەوەیەکی باشوبەرچاو ئەدات بەباری ئابوری وتەکنیکی وپیشەسازی وبیناسازی بازاڕەکان وخۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان، لەلایەکیتر ڕۆڵێکی باشی ئەبێت بۆچاوکرانەوەی خەڵکی کوردستان لەڕوی بازرگانی بازاڕی ئازاد بۆگەشەدان بەژیانی کۆمەڵگای کوردستان کەتاکوئێستا لێی بێبەش بوون ئەمەش لەبەر ئەوەی دووگەمارۆی ئابوری قورس لەسایەی ڕژێمی بەعسەوە لەسەر خەڵکی کوردستان دانرابوون کەهەتا ڕوخانی ڕژێمی بەعس دێوەزمەی سەردڵی خەڵکی کوردستان بوو بەگشتی، .

دیارە پەیداکردنی ئەو باوەڕەنێودەوڵەتیە خۆماندوکردنێکی لەڕادەبەدەری ویستووە کەلەلایەن دەسگابەرپرسەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەوڵی بۆدراوە لەڕووەکانی ئاسایشوئارامی خەڵک وگەشەسەندنی ئابوری کوردستان وبەڕێوەبردنی ئیدارەیەکی مۆدێرنو سەردەمانە لەلایەن گشت دەسگاودامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانەوەو گەشانەوەی بانقەکانی هەرێمی کوردستان وپەیداکردنی باوەڕی جەماوەری کوردستان ودەرەوەی کوردستانیش، لەسەروی هەمووشیەوە ئەویەکێتی برایەتی ویەک ڕیزیەی کەلەهەرێمی کوردستاندا لەنێوان گشت لایەنە بەرپرسەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە توانیویانە ئەوبارودۆخە لەکوردستاندا بخولقێنێت، لەڕاستیدا ئەوەگەرەترین شانازیە بۆکورد لەکاتێکدا لەئێراقدا بەگشتی ولەبەشی عەرەبی سونەی ئێراقدا بەتایبەتی کەهاوسێ وهاوسنوری هەرێمی کوردستانن بۆتە مەیدان وجێگای تراتێنی سەربەستانەی تیرۆریستان وڕۆژانە دەیان کارەساتو تراژیدیا لەناوچە عەرەبیەکانی ئێراق بەتایبەتی لەبەغدای پایتەختی ئێراقدا دروست ئەکەن چی بۆهێزەکانی نێودەوڵەتی وچی بۆهێزەکانی ئێراق وچی بۆهاووڵاتیانی سڤیلی ئێراق کەزۆر بێڕەحمانە ئۆتۆمبێل وشاحینەی بۆمب ڕێژکراویان پێدائەتەقێننەوەو ڕۆژانە بەبەر چاوی ئێراقو جیهانەوە دەیان کەس ڕۆژی واش هەیەسەدان کەس ئەبێتە قوربانی نیازەگڵاوەکانی تیرۆریستان بەڵام لەکوردستاندا لەکاتێکدا هیچ سنورو مەرزێکی سنوردارو نێودەوڵەتی لەنێوان هەرێمی کوردستان وبەشی سونەی عەرەبدا نیە وەهەموسنورەکانی هەرێمی کوردستان لەگەل عەرەبدا هەمووی پێدەشتو بەرهەڵدایە بەڵام بەچاوکراوەیی جەماوەری کوردستان هێزی پێشمەرگە وپیاوانی پۆلیسو ئاسایشی هەرێمی کوردستان توانیویان بەسەر ئەوڕەوشەدا زاڵبن، هەرچەند تیرۆریستان زۆر هەوڵیانداوە بۆشێواندن وشڵەقاندنی باری ئاسایشی کوردستان بەگشتی بەڵام نەیانتوانیوە بچکترین ڕۆلی خۆیان لەسەر هەرێمی کوردستان دابنێن، .

ئەمەلەکاتێکدا تیرۆریستان لەناو گەورەترین وبەدەسەڵاترین وئارامترین ومۆدرنترین وڵاتی دنیا کەئەمریکاو ئیسپانیاو بەریتانیاو ئەڵمانیایە هتد. . توانیویانە کاری تیۆریستی ئەنجام بدەن بەڵام لەکوردستاندا کەلەنزیکی چەقی مەیدانی تیرۆریستاندایە کەمترین شتیان پێکراوە کەئەویش لەلایەن هەندێک باندی سوکو نەفس نزمی کوردەوەبوو کەئەوانیش بەسزای خۆیان گەیەنران، چاوکراوەیی جەماوەری کوردو یەکڕیزی هرێمی کوردستان و لەخۆبردوویی هێزی پێشمەرگەوپۆلیس وئاسایشی کوردستان وکارکردن وهەنگاوهەڵگرتنی پۆزەتیڤانەوبەجێی دەسگا ئیداریەکانی هەرێمی کوردستان بوو کەبوونەهۆی ئەو باوەڕە بێسنورەی نێودەوڵەتی بەکوردو بەهەرێمی کوردستان کەئەبێتە هۆی بوژانەوەی ئابوری کوردستان وخۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان، وەلەلایەکیتر ئەبێتە هۆی قایمکردنی جێگەپێ کوردو هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان ووەرگرتنی باوەڕی زیاتری کورد بۆبریاردانی چارەنوسی خۆی، بۆیە جێگای شانازی هەموکوردە کەئەمڕۆ لەپایتەختی هەرێمی کوردستاندا وەهاپیشانگایەک بەو قەوارە فراوانە بکرێتەوە. .

جمال فتاح

2005/9/15